هەرکەسێک ئیمانداڕێک بە ئەنقەست بکوژێت؛ (بڕیار لەسەردانی) دەردرێت بە دەست کەسە نزیکەکانی کوژراوەکە، ئەگەر ویستیان دەیکوژن، وئەگەر ویستیان دیە وەردەگرن، ئەمیش (دیە) بریتیە لە سی حیقە، وسی جەزعە، وسی وشتری سکپر، وئەوەی کەسە نزیکەکانی (کوژراوەکە) زیاد لە ئەمانە (بۆ سەر دیەکە) لەسەری ڕێککەوتوون (لەگەڵ کەسە نزیکەکانی بکوژەکە)؛ دەتوانن وەریبگرن

لە عەمرو کوڕی شوعەیبەوە، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ئیمانداڕێک بە ئەنقەست بکوژێت؛ (بڕیار لەسەردانی) دەدرێت بە دەست کەسە نزیکەکانی کوژراوەکە (میراتگرەکانی)، ئەگەر ویستیان دەیکوژن، وئەگەر ویستیان دیە وەردەگرن، ئەمیش (دیە) بریتیە لە سی حیقە*، وسی جەزعە**، وسی وشتری سکپر، وئەوەی کەسە نزیکەکانی (کوژراوەکە) زیاد لە ئەمانە (بۆ سەر دیەکە) لەسەری ڕێککەوتوون (لەگەڵ کەسە نزیکەکانی بکوژەکە)؛ دەتوانن وەریبگرن، چونکە دیە (لەم حاڵەتەدا) دەبێت یەکجار زۆر وگرانبەها بێت». *(حیقە: وشترێکە هێشتا نەچووبێتە نێو ساڵی چوارەمی تەمەنی)، **(جەزعە: وشترێکە هێشتا نەچووبێتە نێو ساڵی پێنجەمی تەمەنی

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە حوکم لەسەر ئەو کەسە ڕووندەکاتەوە کە ئیمانداڕێکی بە ئەنقەست کوشتووە، بڕیار لەسەر بکوژەکە دەدرێت بە دەست کەسە نزیکەکانی کوژراوەکە (میراتگرەکانی) وبژاردە لە لای ئەوانە، ئەگەر ویستیان تۆڵە دەسێننەوە و(قصاص) جێبەجێ دەکرێت بۆیە فەرمانڕەوا دەیکوژێت وسزاکەی لە ڕەگەزی کردەوەکەیەتی، یان ڕازی دەبن بە دیە وەرگرتن بەو شێوەیەی لە فەرموودەکە باسکراوە، ئەمیش (دیە) بریتیە لە سی حیقە*، وسی جەزعە**، وسی وشتری سکپر کە بێچووی لە سکدا بێت، هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە کەسە نزیکەکانی کوژراوەکە -میراتگرەکانی- بۆیان هەیە زیاد لەوەی باسکراوە وەربگرن بەو شێوەیەی هەردوو لایان لەسەری ڕێککەوتوون، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە دیە -لەسەر کوشتنی بە ئەنقەست- دەبێت یەکجار قورس وزۆر وگرانبەها بێت چونکە بە ئەنقەست ئەم تاوانە گەورەیە کراوە، ومەبەستی کوشتن بووە. *(حیقە: وشترێکە هێشتا نەچووبێتە نێو ساڵی چوارەمی تەمەنی)، **(جەزعە: وشترێکە هێشتا نەچووبێتە نێو ساڵی پێنجەمی تەمەنی

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58208